# گوڵەگەنم




فەتاح حەسەن

پێشکەشە بەڕۆحی بەرزەفڕی دایکم.

تێبینی:
کورتەنامە و زەنگیانە ئاوییەکان، ناوبەناو دەستکاریم کردوون هەربۆیە بەرواری تاك بەتاکیان بەدیاریکراویی ئاسان نییە، هەربۆیە بۆ سەرجەمیان بەرواری٢٠١٣- ٢٠٢١ م بۆ داناون.

ناوی کتێب/ گوڵەگەنم
بابەت/ هۆنراوە
نوسەر/ فەتاح حەسەن
نۆبەتی چاپ/ چاپی یەکەم - ساڵی ٢٠٢٢

( گوڵەگەنم )

هەزار گوڵەباخ
دەکەم بەقوربانی گوڵەگەنمێ
کە، من برسی بم چی لە گوڵەباخ کەم؟!

کورتە نامەی شیعریی

من و تۆ سێبەری یەکین
کە شەو داهات .. هەردووک تەنهاین
هەر بۆیە .. رقم لە شەوە.

هەرکات توانیت
روناکی لە ئاگر دامالّی
گیانی منیش،
دابمالّە.. لە خۆت.

کەی ئەستێرە بەیەکجاری
سنگی ئاسمانی بەجێهێشت
ئەو دەمەش، دلّی من.. تۆ.

ژیان، بێ خۆشەویستی ئەستەمە
بۆیە، مردن
لە پێناو خۆشەویستیدا کەمە.

بمدەرە دەم رەشەبایەك
لە شاری بەفرو رەشەبا
رازو نیازی ئاشقانت
بە دیارییەك بۆ دەهێنم.

ببمە خاوەنی بەلەمێك
بە زەردەپەڕی ئێواران
لە بەلەما
هێدی هێدی .. لەجێی شیعر
ئەمن، پرچت دەهۆنمەوە.

ئەو ساتەی کە:
دڵتەنگ دەبم
نە گوڵ جوانە لەلام
نە بۆنی خۆشە.. ڕێحانە.

کە سەردەخەمە سەر سینەت
هێند ئاسودەم .. لەو ساتەدا
هەرچی خەمی کۆن و نوێیە..
سەرلەبەری بەبادەکەم.

کلو .. کلو، بەفر دەباری
لە باڵکۆنی ماڵەکەما
بە بوتڵێك شەرابی سوورەوە
چاوەڕێت بووم
بۆ نەهاتی ؟!

کە دەگریم.. بیردەکەمەوە لەخۆم.
پێدەکەنم.. لەتۆ
ئەمئێستا، بۆخۆشم نازانم!!
بگریم، یا ..

هەڵوەدای کەسێکم
کە دیارنەمام .. هەڵوەدام بێ
بۆچی دەبێ
ئەوی لەبەرچاوبێ..
هەموو دەمێ
لەبەر دڵ بێ؟!

گەر دەپرسیت..
من و سروشت
کاممان جوانین؟؟
دڵنیابە.. هیچتان
بێ یەکتری، جوان نین.

ئای چ ڕۆژێکی بەدە
ئەو ڕۆژەی کە:
یادەوەریەکانمان
بەر لە مردنی خۆمان دەمرن.

تۆ، خەم مەخۆ، گڵێنەکەم
بارگەی خەمەکانت لێکنێ
بینێرە بۆم

خەمەکانت.. چاك دەزانن
ئەمنیش تۆم.

تا هەست بە بێ تۆیی نەکەم
لە بەرامبەر ئاوێنەیەك
دانیشتوم و لە چاوی تۆ..
پێك فڕدەکەم.

گۆمی بیرم، دەشڵەقێنن ..
پێنازانن
لەتەك تودا.. لە جێژووانم !!

کە، وشە لێم یاخی دەبێت
ناتوانم وەسفی تۆ بکەم
تەنهام لەخۆم .. نامۆم بەخۆم.

کەشتییەوانی، کەشتییەکم
کەناری دەریام.. لێونە
چاوەڕوانی، تۆی قیبلەنومام
ئەی .. خانمەکەم.

من، حەزناکەم بێ هیوابم
سوور دەزانم، کە ناهێڵن
بەیەك بگەین ..
کەچی گوڵم، هەر بەتەمام.

ئای چەن خۆشە
رۆژگاری بەهار، من گوڵچنت بم
شەوگاری پایز، دەست لە ملت بم
زستان و هاوێن، چەتری سەرت بم.

ئاوێنەی ماڵەکەم
هێندە رەنگی( تۆ ) ی گرتوە
بۆ سەیری خۆم
وێنەی( ئەتۆ) ی، تیادەبینم.

دوێنێ، کە:
بۆنی بسکی تۆمکرد
بەچونەوەم..
شوشە عەترەکەی ماڵەوەم
و. ر. د. و.. خ. ا. ش. ک. ر. د.
قەڵەمەکەم دۆشداماوە
نازانێت، چیتر بنوسێت؟!
زیاتر لەوەی نوسیوێتی :
ئەی
پە

ر
ی.

یادەوەرییە تاڵەکانت
لە شیرینەکانی من خۆشترن
کەی دێیتەوە .

گەر ئاشق بوون، روو زەردیی بێت
دەبا وەك بەی.. من ڕووزەردبم..

 کە تەمەنی ئیشق .. کورتتر بێت
لەتەمەنی پەپولە
دەبێت ژیان.. مانای چی بێت؟!

ئاشق وتی، تۆبە لە ئیشق
بڕوات هەبێ، درۆدەکا
گەر درۆ نەکا
درۆ دەکا بڵێ ئاشقم.

خۆزگە وەك شەمەندەفەر دەبووم
کە، چاوەڕوانی کەسێك ناکا
ئەگەر چاوەڕوانی نەکا.

هەرکەسێك بمکوژێ .. سەوز دەبێ دەستی
ئەی خودایە ..
ئاشقی کەسێك بووم
مانای خۆشەویستی نازانێ.

لەناخمدا گڵۆڵە بوم
بەدەوری خۆمدا هەر خول دەخۆم
بەدەردێك چوم..
سەری گڵۆڵەی خۆم نابینمەوە.

هەر کات ماسی ..
زانی چۆن فێری مەلە بووە
مەلەوان
روبەری دەریای زانی
ئەوکات .. دەزانم
بۆ
 خ ۆ ش م دە و ێی.

تاجە گوڵینەت لەسەرناوە
دەربەست نایەیت..
چاوەڕوانی گوڵی منی
کە بۆخۆم، بیدەمە دەستت.

بڕیاربوو تەنها
بایکۆتی ماچم بکەی
ئەی هەش بەسەرم
ئەمڕۆ..
پێکەنینیشی هاتەسەر.

شەوانە، وەك( لالۆ عەباس )*
پێچراوەم و تۆ ببینم
هەروەکو ڕۆژ دەکرێمەوە
کە تۆم هەبێ، .. چیمە لە رۆژ
دەبا هەمو دەمم شەو بێ.

---

لالۆ عەباس: جۆرە گوڵێکە شەو خۆی دەپێچێتەوە و بە رۆژ دەکرێتەوە.

ئەی فریشتە
نە مۆنالیزا
نە کچە کافرۆش
نەیان توانیوە وەکی ئەتۆ
دلی ئەمن .. بهێننە جۆش.

بەماچی ناودەم، سوکناییم نایە
دەلێگەڕێ
وەك باوکێکی تاقانە مردە
تەوێڵ و دەم و دەستت ماچکەم.

ئەمڕۆ
ساڵرۆژی لە دایکبونتە ئازیزم
بۆینباخێکت پیشکەشکەم ..
یا کراسیکی ئاوریشم ؟
نا.. نا، هیچم ناوێت
دەبێت هەر شتێکت بوێ ..
خۆشەویستی .. هەتا هەتایی تۆ.

هەروەك چۆن
کڵاوێك ناکرێتە دوو سەر ..
دڵێك ئاشق نابێت بە دووان.

دیسانەوە هاتیتەوە ..
ئەی وەبان دیەم
دەبێ بەرد بێ
گەر، لەتۆ زیزبێ .. دڵەکەم.

لەبەر ئەوە خۆشمدەوێی
وا هەست دەکەم خۆشت دەوێم
ئەمە قسەی چاوەکانتە
باش بزانە
چاو راستگۆترە لە دەم.

زۆرم رق لە خاوەندارێتی تایبەتە
تەنها لەوەدا نەبێت
کە تۆ تایبەت بیت بە من.

هێندەم خۆشدەوێی
گەر خۆشەویستیم ببێت بەئاو
خەڵکی هەموو دنیای
تیادەخنکێ.

لە خەونیشدا بەتۆ بگەم
یەکێك دەبێت ..
رامچڵەکێنی

جێهێشتن، سەخت و گرانە
وەلێ ئەگەر، خۆت بخوازی
کارێکی گەلێك ئاسانە.

خەوتن
دەرمانی لەبیرچونەوەیە
لەبەختی رەشم
کە دەشخەوم
خەون، هەر بەتۆوە دەبینم.

جەنگی جیهانیی سێیەم
بەرپا نابێ
ئەگەر وتم : خۆشمدەوێی
تو، بڵێی منیش.

مادام مانای ئیشق نازانی
ئەتۆش جێگەی بەزەییت
هەروەك .. کەسێکی تر.

خۆشەویستێك و
دوو هاوڕێی راستەقینە و
پێکێك شەراب
و
لەتێك نانم هەبێت ..
ئەمن پاشام.

بەر لە، خەوتن
کە، بەخەبەردێم ..
کەسێك بە خەیاڵمدا دێت
ئەو کەسەش .. تۆی.

با هەر چوار وەرزەکە
خونچە بپشکوێ
کە، خونچەی دڵی من، نەپشکوێ ..
بەمن چی ؟!

ئەو کاتانە، زیاتر
خۆم  خۆشدەوێ
کە بیر لە تۆ دەکەمەوە
ئەدی ئەتۆ؟

گرنگ نییە
خەڵك چی دەڵێ
تەنها خۆت بڵێ
هەستکردن .. ژیان
خۆشەویستی
بێ تۆ چییە؟

کە، زیزت دەکەم
رقم لەخۆم دەبێتەوە
بەخۆم دەڵێم
ئای چەن شێتم؟!

تۆ دەگریێی
چاوت پڕدەبێت لە فرمێسك
منیش رۆحم
دەبەس بگری
لێگەڕێ رۆحم .. ئاسودەبێ .

بەزەییم بەخۆمدا بێتەوە
یان .. قینم بێت
لە بێباکی تۆ
بەرامبەر.. من؟
منێک، کە، خۆم کردە
بەردەبازی رێی تۆ.

چۆن تۆ بێدەسەڵاتی
لەوەی خۆشمدەوێی
منیش
لەوەی خۆشتناوێم.

گەر ئەوە ترسنۆکیی بێت
کە نەتوانم،
دڵی کەسێك ئازار بدەم کە، رۆژێك لە
رۆژان
خۆشمدەویست
دەبا.. هەر، من ترسنۆك بم.

لەبەر باران مەگریێ
باران..
فرمێسکەکانت، دەشواتەوە
گەر فرمێسکەکانت
شۆرایەوە
گوناهەکانت، ناوەڕێن
بەتایبەتیی.. گوناهی
شکاندنی، دڵی من.

ئەمن، چپەی ئیشق و
خوڕەی ئاوم لەلاخۆشە.
ئەتۆش خرینگە خرینگی بازن و
هاڕەی هەیاسە
وەی لە تۆ .. وەی!!

تەنیاییم
گڕ بەردەدات لەتۆ
گڕ بەر دەدات لەخۆم
وای کە تەنیام.

وتم بڕۆم ئێرە جیبهێڵم
بەڵام ناڕۆم
بێ تۆ .. بۆ کوێ بڕۆم ؟
لەخاچمدەن، وەکو مەسیح
ئەمن .. ئێرە جێناهیڵم.

بێجگە لەتۆ، کێ حەدیی هەیە
وەکی ئەتۆ..
سوکنایی بدات،
بە دڵەی ساردوسڕم.

ئەستێرە و مانگ، دەزانن
ئەمشەو مەعشوقەکەی من دێت
نازانم،
سنگی ئاسمان، بۆ جێناهێڵن .. بۆ ؟!

تامزرۆم بۆ ماچێکت
هێندەی تامزرۆی
تووشبوویەك بە شەکرە ..

بۆ كڵۆيەك شەكر.

ئيشق دارەبەن بێ
زەمەن تەشوێ يە
چەند حەزدەكەم
من ( كوچەڵە )* بم و
ئەتۆش بنێشت.

* كوچەڵە: كاتی بنێشت كردن بە تەشوێیەك یا قەڵەمبڕێكی تیژ دارە بەن لەباری درێژیی بریندار دەكرێت ( قلیشێک ) ی تێدەكرێت لە كۆتاییەكەیدا هێندەی لالەوێچێك بە قوڕ دەیگرن ( كوچەڵە )، پاش بریندارکردنی دارەبەنەکە شلەیەکیی پیادادێتە خوارەوە و لە كوچەڵەكەدا كۆدەبێتەوە، پێیدەوترێت بنێشتە تاڵ، پاش خۆشكردنی لە كوردەواریدا پێیدەوترێت بنێشتی کوردی.

حەزدەكەم، وەك داشەهارە..
گشت خەمەکانت بخۆم.

لە هەموو شتێكی ژیانمدا
دەتوانم میانڕەو بم
لە خۆشەویستیدا نەبێت،
ناتوانم..
زیادەڕەو، نەبم.

دێم، خانمەكەم دێم
بەرەو ئەو هەوارەی
تامزرۆییم
بێگومانم، ئەو هەوارەش
هەر بەتەنها.. دڵی تۆیە.

هەركات وێنەكێش، توانیی
وێنەی شنەی با.. خشەی گەڵا،
سروەی گوڵ بكێشێت
ئەوكات
دڵم دەبێت بەبەرد، لەئاستی تۆ.

شەو راشکاوە
خەلکی هەموو نووستون
تەنها، منێ بێدارم
بیر لە تۆ دەکەمەوە و بەس.

ئەو ساتانەی كە، دڵتەنگم
نە گوڵ جوانە لەلام،
نە بۆنی خۆشە .. رێحانە.

هەندێك جار بایەخدانی كەسێك
خۆشترە لەوەی، كە، پێتبڵێ:-
خۆشمدەوێی.

بیرلەمن دەکەیەوە
هێندەی بیردەکەمەوە لەتۆ؟
گیانم ئازیزە لات
هەروەکوچۆن.. گیانت،
ئازیزە لام؟

وەرەبۆلام.. یان، دێم بۆ لات،
دەنا..
بەرگەی بێ تۆیی ناگرم.

بە هاتنت ئاواتەخوازم
هەرچۆن ئاواتەخوازی
شەق بردنی ناحەزانتم،
دەسا وەرە..
ناحەزانمان ، با شەق بەرن.

شوێن پێیەکانت هەنگاوی منە ..
بۆ هەر کوی برۆیت کەنیشکە .

خۆشەویستیی، گەمەیەکە
دەستپێکردنی گرانە .. وەلێ
دەست بەرداربوونی، ئاسانە.

هەروەك دەڵێن :-
خودا تەنهایە ..
بۆ زانیاریت
لە خودا تەنیاتر ئەمنم .

من هەر خۆمم .. پێکم دانە،
سەرین دانە..
دەپێمبڵێن
خەمی کامیان بخۆم،
ئێستا ئەمن ؟!

هەمووکەس لەیلای خۆی پێجوانە
هەر بۆیە ،
بە لەیلای کەس نالێم ..ناشرین
تا کەس ..
بە لەیلام، نەڵێت ناشرین.

میوانێکی رەزا گران و
یەکێکی دیکەی ئێسك سووك
پێویستان بەخولْق نییە
یەکەمیان مەرگە و
دوەمیان، ئەتۆی.. خانمەکەم.

دەستم بگرە و سەرپشك بە
بۆکوێم دەبەی بمبە
بێگومان بە،
ئەو شوێنەی کە، دڵت گرتی ..
ماڵی منە.

منداڵت دیوە، بۆ یەکەم جار
دەچێتە ژێر باران و خوازیارە
تنۆکەباران بگرێت ؟
منیش ئاوها.. گەردنی تۆ .

نازانم
دەست وەردێنمە نێو سینەت
یا، دەم بنێمە نێو دەمت؟؟
هەردووکیان بکەم بەم دەست و دەمە
بڕوات هەبێ .. هێشتا پێم کەمە.

هەروەك چۆن
دوو دەست و دوو گورچیلەم هەیە
خۆزگە دوو دڵیشم دەبوو
چون ناخانم، ئەمئێستا
خۆم خۆشبوێ یا ئەتۆ؟

شیرینترین شیرەمەنیم خوارد
بەڵام بێ تۆ، ئەی خانمەکەم
گوژاڵك لەچاویا هەنگوین بوو.

بەهاتنت
ئەمڕۆ
بووم بە سەرکۆماری
کۆماری جیهانی ئاشقان
کاتی خۆیەتی
تۆوی ئارامیی خۆشەویستیی بچێنم
تا دل شکاوان بەبۆنی گوڵەکەی مەست بن.

پێمخۆش نییە چاوم ماچکەی، ئازیزم
حەزدەکەم، بەهەردوو چاوان بتبینم.

هەندێك جار بایەخدانی کەسێك
زۆر خۆشترە لەوەی کە پێتبڵێ
خۆشمدەوێی.

سەد ئەوەندەی خەڵکیی

دڵیان بە تیشكی خۆر و كەنار دەریا،
دەكرێتەوە
ئەمن، بەتۆ.

چاوەكان..
زمانی ماچ تێدەگەن
ئەدی چاوی تۆ بۆ نا؟

دەبێ ئەو دەمە چ، دەمێك بێت
كە، دەمم نەبێ بۆ نووسینی دێڕە شیعرێك
بەغەیری ئەو دەمەی
كە،دەم لە دەمی تۆم ئەمن.

دەمەوێت گوێ لەكەسێ بگرم
دەنگی بەڕۆحم ئاشنا بێ
بڵێی كەسێكی تر هەبێ
بێجگە لە تۆ؟

تاڵاو لەوە تاڵتر دەبێ چی بێ
ژنێكت خۆشبوێ و..
پێت بڵێ كاكە.

ئەو دەمەی .. پێویستت بە منە
چەن میهرەبان و شیرین گوفتاری
ئاواتەخوازم ، تاكو من هەم
خواستەكانت .. كەم نەكەن.

كە دیوارێك،
لە بەینی خۆم و تۆدا هەڵدەچنم.
بۆ ئەوەمە، كەبزانم
دەتوانیت، تۆ.. بیڕوخێنی؟

دووری، نابێتە مایەی دابڕان
وەلێ .. بێدەنگی با.

هیچ شتێك
هێندەی دوری تۆ وەرسم ناكات
گەر دەتەوێت وەڕس بم..
دە، دوربەڵێم.

هەرگیز نەمدەزانی
هێندە ئارامگرم
تا .. تۆم ناسی.

هەركات زانيت
كەسێك هەيە و
لەمن زياتر خۆشيدەوێيت
بێ منەت بە .. لەبيرمكە.

هەروەك چۆن ناتوانم رقم لێتبێت
ناشتوانم، وەكو جاران .. خۆشمبوێی.

زەردەخەنە لێم تۆراوە
هەركەسێ ئاشتمان كاتەوە
دەيكەمە.. ئازيزم.

هەر دڵێ
تۆوی خۆشەويستيی تيانەڕوێ
بە مشتێ كەپەك بيگۆڕييەوە..
هێشتا زەرەرتە.

هەرجوانێك ببينم
بەتۆی دەچوێنم
لەتۆ جوانتر
كەسێ نابينم بەچاوان.

تاڵاوی تەنياييم زۆر چەشتوە
هەربۆير..
ناهێڵم تەنيابێ، خەم.

ئەمڕۆ نا
وەلێ ڕۆژێ دادێ
بەماچی ناودەم
مردوو زيندوو دەبێتەوە.

پەلكێشت كەن، بەرەو دۆزەخ
دەبمە سايەت،
كە، تۆ لەدۆزەخ بيت..
كەی ڕەوای هەقە،
ئەمن بەهەشت بێت جێم.

نزاكانت بەرەو يەزدان
گيرا دەبن،
هەركات..
نزای من بۆ گەيشتن بەتۆ،
گيرابوو

---

لەمێژە تەنهايی دەچێژم
بۆيە.. كاتێ كە، دەتبينم.
تەتەڵە دەكا زمانم.

بیرتدەکەم،
نەك لەبەرئەوەی هاوڕێمی.. نا
لەبەرئەوەی..
خۆشمدەوێی.

پێت وانەبێ من ڕوبار نیم و
ئاوم سوێرە.. نا
من ڕوبارم،
چبکەم تینوێتیی تۆ..
بە من، ناشکێ.
بە " من" چی " تۆ" لە من دا بژی
بە من چی خۆ لە من دا هەڵگری
بە من چی.
خۆ لە شیعرەکانما حەشاردەی
ئەی شاژنی خەونەکانم،
ئەی سندوقی ڕەش،
بۆ قۆرغ دەکەی خەندەکانم.

بەسەرکردنەوەی جێگەی ژوانەکانت
ئۆخژن دەدەن بەگیانی تەریوم.
هەر جێگەیەو
دەبێتە خەمڕەوێنی خەمێکی بێ باڵم.
لەم بێ تۆییەدا
کەسێ نییە بێتە هانام
خۆ من قیبلەم نەگۆڕیوە
چییە، نازانم تاوانم!؟

هیچ سەرسام نیم بە عینادییت
چون لەتۆ عینادتر
ئە منم
وەلێ خۆزگە هێندەی ئە تۆ
خاوەن بڕیار دەبووم
ئای لە من کە لەرزۆکم..
بەرامبەر تۆ.

کەس ناچارناکەم، کە،ناچاربێت، بیربکاتەوە لە من.
کەسێ بەناچاریش، بیرنەکاتەوە لەخۆی
چ ناچارم، ناچاریکەم بیربکاتەوە لەمن.

ئەمشەو ژنێك
بەجۆرێك لە گیانکێشان ئاشنای کردم
ئەویش ..
ماڵئاواییکردن بوو بەبێدەنگی.

کۆستی دورکەوتنەوەی تۆ لە من

هەمان سوێ، دەخاتە دڵەوە
کە،دەیخاتە دڵی ئەو پیاوەی
لەپەنجەرەی ماڵەکەیەوە،دەبینێ
دەستڕێژ، لەتاقانەکەی دەکەن.

ئەمشەو
شەوی یەڵدایە،
بۆ دواجارە
بەبێ تۆ، پێك فڕدەکەم
چیدیکە
پەرداخمان نادەین لەیەك و
بەیەکتری ناڵێین نۆش

کە، بەرچاوم تاریك دەبێ
خەریکم دەتوێمەوە وەك مۆم.
ناوی تۆ دەهێنم..
دەگەشێمەوە.دەبمەوە بەخۆم.

کە،ژنێکت خۆشویست
مانای ئەوە نییە،
کەسی دیکەت خۆشنەوێ .. نا،
خۆشتبوێن..
بەڵام وەك ئەو.. نا.

کە، دەتبینم
ماندوێتیم دەحەسێتەوە
چەشنی کرێکارێك
کە، هەقدەستی کارەکەی
دەخاتە تەنکەی باخەڵی.

دڵم زۆر دەڕەنجێنی
بڵێی هەتبێ
ئەو پارچەگۆشتەی
پێیدەڵێن دڵ.

خۆ من، خۆشەویستی تۆم
بۆ پێت نەوتم دەردت گرانە!!
نەمگووت چون..
تۆ خۆشەویستیی منی.

خەڵکی کۆڵانی خۆمان،
گەڕەکی ئەوبەر،
شاری بەفروڕەشەباش
ڕقیان لێتبێ.
دڵنیابە..

پڕبەهەستم.. خۆشمدەوێی.

دراوسێیەکم هەبوو
ڕۆژی چەندجارێك،
گوێم بەدەنگی دەزرنگایەوە
هاواری لەمندالەکەی دەکرد
لەکۆڵان بێتەوە
ئەوەتەی عاشق بووە
تاریکیش دادێ
هاواری، نابیستم.

کە،تۆ هێندە دڵت ڕەق بێ
کۆتایی هێنان،
بەخۆشەویستتیی من و تۆ
سبەی درەنگە..
ئەمڕۆ زوو نییە

هەڵاڵەی گوڵ و هەنگین
ڕۆژێك ئەتۆ..
ڕۆژێك ئەمن.

خۆزگە بمتوانییا
لەدوای تۆ،
کەسێکی ترم خۆشویستبا،
چیبکەم..
بەدەستخۆم نییە،
ناتوانم،نا.

کە، دەتگووت ( ئم )،
هەر ( ئم ) ێکت
دێری کاڵەوەبووی ڕۆمانێك بوو
چاپ و ژمارەی تیراژەکەی،
بێپایان بوو.

هەروەك چۆن
کەڵەشیریش نەخوێنێ
ڕۆژ، هەر دەبێتەوە
ئاوا دەزانم.. بەیەك ناگەین
بۆ سەبوریی بەخۆدان
هەرکەسێکی ترم بوێ
ناوی تۆی لێدەنێم
چون.. هەر مەجنونەو،
لەیلای خۆی هەیە.

زویردەبم
زویردەبی

لێمان زویر دەبن خەڵکی،
ئەوەی هەرگیز
ناشێ و نالوێ
دابڕانە ،بەیەکجاری.

پێش تۆ..
وامدەزانی
کەس نییە وەك من بەکوڵ بگری
کە، ئەشکی تۆم دی،
تێگەیشتم..
فرمێسکی سوێری بەخۆوە نەدیوە
هەردوو چاوانم.

جێمدێڵی بۆ کۆشك و تەلار؟!
بێخەمبە.. زۆر نابا
لە هەواری
یەکەم ژووانمان
ماچێکی تەڕوپاراو
دەکەمە دەستپێکی یەکەم دیدارمان
لەتەك ئەو کیژەی
کوختی خۆشەویستیی پێ بەهاترە
لەکۆشك و تەلار.

زەردەخەنە لێم تۆراوە
هەرکەسێ ئاشتمان کاتەوە
دەیکەمە.. ئازیزم.

هەر دڵێ
تووی خۆشەویستیی تیانەڕوێ
بە مشتێ کەپەك بیگۆڕییەوە..
هێشتا زەرەرتە.

هەرجوانێك ببینم
بەتۆی دەچوێنم
لەتۆ جوانتر
کەسێ نابینم بەچاوان.

تاڵاوی تەنیاییم زۆر چەشتوە
هەربۆیر..
ناهێڵم تەنیابێ، خەم.

ئەمڕۆ.. نا
وەلێ ڕۆژێ دادێ
بەماچی ناودەم
مردوو زیندوو دەبێتەوە.

پەلکێشت کەن، بەرەو دۆزەخ
دەبمە سایەت،
کە، تۆ لەدۆزەخ بیت..
کەی ڕەوای هەقە،
ئەمن بەهەشت بێت جێم.

نزاکانت بەرەو یەزدان
گیرا دەبن،
هەرکات..
نزای من بۆ گەیشتن بەتۆ،
گیرابوو

---

ئەو ڕۆژەی
قاوە بێ تۆ بخۆمەوە
چەند شەکری تێبکەم،
هێشتا هەر تاڵە.

ئەو شەوەی
بێ تۆ سەر بخەمە سەر، سەرین
بەیانییەکەی پشتییەکە
لچم لێهەڵدەقورچێنێ.

ئەو ڕۆژەی
باران بەخوڕ دەبارێ
چەتری خۆم نا..
چەترەکەی تۆ، هەڵدەدەم.

ئەو شەوەی
ئەستێرە دەژمێرم
دەنگی تۆ دێتە گوێم..
دەڵێیت
ژماردنی کاکێشان، زۆر گرانە.

ئەو ڕۆژەی
گوڵی لالۆ عەباس
دەم دەکاتەو
تۆی دەم خونچەم
دێنێتەوە یاد.

ئەو شەوەی
ئەستێرە لەگەڵ مانگ
شەڕ دەکات..
شەڕەکانی خۆمانم
دێنێتەوە یاد.

ئەو ڕۆژەی

بەفر دەبارێ
کلوەکانی بەناخی تۆ،
بەراورد دەکەم..
لەبەرخۆمەوە دەڵێم
ئای کە، ڕەشە.

ئەو شەوەی
کە، پێی دەڵێن یەڵدا
چاوەڕوانیی خۆم
بیردەخاتەوە..
بۆ یەکەم دەمی ژوان

ئەو ڕۆژەی
کە، تۆ دییت
خونچە وەرزی لێتێکدەچێ و
بەزستان دەپشکوێ.

ئەو شەوەی
تاریك و نوتەکە
مانگ بەدەر دەکەوێ
ئەستێرە دەجریوێنێ
کە، تۆ دێی.

بۆ کوێ بڕۆی
بەهاری بۆ دێنی
لە هەواری من، بمێنەوە
تا چوار وەرزم بێتە بەهار.

درۆیەکی شاخدارە
ئەوی بڵێ..
دەبم بە تۆ.

درێژترین نامە،
بۆ ئەو کەسەی
لوتی بەمندا نەهانی
( بمبورە، کە، خۆشمویستی )
نازانم ئیتر
من هەڵە بووم،
یا.. تۆ!!

فرمێسکی ژن
تەڵایە،
ئەمما،ئەشكي پیاو
ئەڵماسە.. ئەڵماس.

ئەمشەو
شەوی سەریساڵە
دڵمنایە بەجێتبێڵم
تاکو نەڵێی .. چەند دڵرەقە؟؟
بۆ ماوەی ساڵێک، جێمدێڵی!!

خەڵك
لەگەڵ یار و ئازیزانیا،
بەدەرکەوتن.
ئەمن، باسی یار ناکەم
ئەدی ئازیزانم کوان؟!

کاتێك کە، هەنگ
هەڵاڵەی گوڵ دەمژێ
نازانم..
خۆزگە بە هەنگ بخوازم
یا.. بە گوڵ

زەنگیانەی ئاویی

( بسك )
ئەوساتەی کە:

دەڕوانیتە شەپۆلەکانی دەریایەك
کە، چۆن یەکتر دەخۆنەوە..
من، دەڕوانمە تیشکی خۆر
کە، چۆن سەما بە بسکت دەکا.
ئەی نازانی!
تاڵ تاڵی بسکی تۆ خانم
بۆ من شەپۆلی دەریایە.

( قەرز )
لە فەرهەنگی تۆدا
وشەی پێکەنین نەبوو
ئەمن فێری پێکەنینم کردی.
فێری فڕینم کردی و
پێش نیشتنەوەت،
چۆن باڵ وەردەیتە ئاوی کانییەك
رونتر لە چاوی قرژاڵ.
فێرمکردی
چۆن گوڵ بڕوێنیت لەجێی زام.
قەرزارمی ..
ئەمشەو قەرزەکانم دەوێتەوە
لەجێی گشت قەرزەکان
ماچم دەوێ .. ماچ.

( شەکەت )
ماندوبووم، هێندە پەنجەرەم
بەڕوی خەڵکیدا کردەوە
واوەیلا لە حاڵم،
لەم تاریکستانەدا
کەسێك نییە کڵاوڕۆژنەیەك
بەڕوی ئەم دڵە تەنگەمدا .. بکاتەوە.

( گەردون )
بزانە گەردون
چەندە دۆستمە !!
لە شەوی تاریك و نوتەکا
پریاسکەی خەمەکانم ونکەم
دەیکاتە رۆژی روناك و
بە پۆستەچی
پریاسکەکە
دەخاتەوە نێو سندوقی دڵم .

( شاگرد )
خەمی دڵی من
بە شیعر و چیرۆك نارەوێ
وشە بڵێ چی؟؟
نالی و مەحوی شاگردم بن

ئەمن ئەمڕۆ، نازانم
بڵێم چی؟!

( تەنها )
ئەمشەو
شەو، بە تەنها بەڕێدەکەم.
تا تەنیایی
جارِس نەبێت بە تەنهایی.
تا تەنیایی، هاوڕێی من بێت
من تەنها نیم.
بەفیدات بم ئەی تەنیایی
کە تۆ لە من جارِس نابی.

( تۆ پەرستی )
لە فەرهەنگی زۆر زماندا
بەدوای وشەیەکدا گەڕام.
مەزنتر بێت
لەو ( وشە ) یەی لە کوردیدا
پێیدەوترێت خۆشەویستی
لە ئاکامدا
لە میحرابی دینی یەکتاپەرستیدا
دۆزیمەوە ..
پێیدەوترێت تۆ پەرستی.

( جۆگەلە )
تۆ جۆگەلەی
پڕی لە ئیشقی خودایی.
من جۆگەلەم
تەژی لە ئیشقی جودایی
کە تۆ جۆگە و من جۆگە بم
دە پێمبڵێ..
ئەدی ئیتر بۆ یەکتری نەخۆینەوە؟!
سەرمەست نەبین،
بە ئیشقی هەتا هەتایی؟!

(سوێند)
لە سێبەری پەپولەدا
هێدی .. هێدی
گۆرانی ئیشقت بۆ دەڵێم.
سۆزم لەگەڵ قاسپەی کەوا
سیمفۆنیایەو
ئاوێزانی رۆحتی دەکەم.
سوێندت دەدەم
تو پەپوولە.. تو رەوتی کەو
ئەی ئاسکەکەی کانیئاسکان
تاکەی سرکی و کەوی نابی؟!

( سۆما )
ئاسکەکێویی
ئاشقی، کێوی بەرز و سەختە
زۆر پێی شەرمە لە دامێنا
شاخەکانی لە بەرد بسوێ.
من پەپولەم زۆر خۆشدەوێ
چون پەپولە ..
ئیشقی بێناڵەی فێرکردوم.
ئاسکەکێوی .. پەپوولە.. ئیشق
سۆمای چاومن.

( پەری دەریا )
لە کۆبنهاگن
لەبەر پەیکەری ( پەری دەریا ) دا
کیژۆڵەیەك، دۆش دامابو
نەیدەزانی!
ببێت بەماسی،
یا
پەری..!

( با )
کە هەواری( خاڵی ) م جێهێشت
بۆ ماوەیەك - با - م کرد، بەتۆ
با..
بەیادی ژوانی پێشو
گوێڕادێرم،
بۆ جیکەجیکی نەورەسە کانی کەنار دەریا
پەنجەکانم بگێڕم بەشەپۆلی ئەگریجەتا.
با..
سەرت بخەمە نێو هەردوو لەپی دەستم
چاوببڕمە نێو چاوانت
چیمە لە تەنکایی دەریا!

( کانی ئیشق )
بەبیرت دێت.. بۆ دیدارت
چەند کۆڵانم، دەگرتە بەر؟؟
بڕوات هەبێت
هەر لەڕێگا، دەم بە دۆعا
دەم بەنزا کە نەتبینم
وامدەزانی زۆر بتبینم
کانی ئیشقمان وشک دەکا.

( شەکرەژن )
ویستم ..
هۆنراوەیەکت، بۆ بنووسم

پیتم لکاند بە پیتەوە
وشەم، لە وشە گرێدا
هۆنراوەکە
بە رستەیەکی پرسیاریی
کۆتایی هات
هەیە وەك تۆ، شەکرەژن بێ ؟
وشە بە وشەی هۆنراوەکەم
کوژاندەوە ..
تەنها، دوا رستە مایەوە.

( ترپەی دڵ )
میلەکانی کاتژمێری
مەچەکی دەستی چەپم
لە راستەوە، بەشێوەیەکی بازنەیی
زەمەن دەبڕن.
هیچیان، پێش ئەوی دیکەیان ناکەون.
هەروەکو چۆن، ترپەی دڵم
پێش ترپەی دڵت ناکەوێ.

( تەنهایی )
کە، دان دەدەم بە نەورەس
حەزدەکەم
نەورەسە تەنهاکان بیچنن
تا هەست بە تەنیایی نەکەن.
وا هەست دەکەم
تەنیایی .. کوشندەتربێت لە جەنگ .

( پشوو )
ساڵانێکە لێناگەڕێی
شارای شادی کۆمەك بکەم
خەرمانی خەم بەبا بکەم.
شارای خەمم، پێشەن دەکەی!
خەرمانی شادیم، زەوت دەکەی.
دەلێمگەڕێ ..
پشوویەك بەم.

( گومان )
بڵێی، من و تەنیایی
عاشق و مەعشوقی یەك نەبین ؟
چون ..
دڵم دەگوشرێ
کە، یەکێك دەیەوێت
تەنیاییەکەم لێتێکبدات .

( تینوو )
کە تینوو بم

( ئاوە خوێڕی*) دەربەندیخان
هەرگیز، بە سیروان ..
ناگۆڕمەوە.

* ئاوەخوێڕی دەربەندیخان: لەبەر ئەوەی کەس ئیستفادەی لێناکات بۆ کشتوکاڵ یەکسەر تێکەڵ بە سیروان دەبێت بۆیە خەڵکی ناوچەکە لەرقا ناویان لێناوە ئاوەخوێڕی،ئەو ئاوە هەرچەندە سەر بە (باوەنور) بەڵام وەك هەڵەی باو ناودەبرێت بە ئاوەخوێڕی دەربەندیخان.

( سەرپشك بە )
زەردەخەنە
بێدەنگی .. ماچ،
لەمانە، کامیان، هەڵدەبژێری ؟
من بۆخۆم ..
سێیەمیان.

( سێبەر )
من، ناتوانم .
تۆ لەبیرکەم .. نا
خۆت دەزانی
لەدووت دەخشێم وەکو سایە
گەر تۆ توانیت
من لەبیرکەی
لە سایەی بێکەسی خۆتدا
نەك هەر خۆت ..
سێبەرەکەشت ون دەکەی .

( هەڵوەدا )
کێیە خاوەنی ئەو خەمەی
هەرچی مەیی مەیخانەیە
پێك لەسەر پێك فڕی بکا
بەدوی ئەودا
هەڵوەدایە لە بۆ پێکێ ..
دەسا با بێ
دوا پێکی .. ئەمن، فڕبکا.

( خۆزگەم بەخۆت )
تۆ خۆتیت، خۆ، من نیت
تۆیەکی لەپێکەوتوو
بەدارشەقی بن هەنگڵت
سەما دەکەیت،
منیش بە دوو قاچەوە،
لە سەما کەوتووم.

---

( دڕك و گوڵ )

ئای کە، گوڵم دا
بە کەسانێك ..
کە، درکیشیان نە دەهێنا
وەلێ چیبکەم
ئەمن ئاشقی گوڵم

( تکایە )
هەرکات مردم
ئەگەر بەگۆڕا راگەیشتم
بەردی کێلەکەم، با سووك بێ
با، نێژەرانم ماندوونەبن

( تیادامان )
هەرگیز وەك ئەمشەو،
تەنها نەبووم ..
وا هەست دەکەم
تەنیایی ئەمشەو، دەمخنکێنێ.
تیاداماوم ،
نازانم یەخەی کێ بگرم؟!
ئەگەر رۆژم نەکردەوە
هەرگیز لەوە نابورم،
تەنهای کردم .. گەر خۆشم بم.

---

( من هەم یا نیم )
گرنگ نییە لای تۆ هە بم
یا خود نە بم
گرنگ ئەوەیە کە من هە م
بە کویرایي چاوی دوزمن و
بە خوشنودی دۆستانم
ئەگەر خاوە نی دوژمن، بم.

( کات )
ئەوەندە کاتم هەیە بۆ ئاشقبوون
کاتم نییە بۆ مردن،
دەسا مەرگ چاوەڕوان بە ..
ئەودەمەی، نەمتوانی ئاشق بم
گیان چییە !! پێشکەش بەتۆ بێت
کات بەفیرۆمەدە..
تازووە، وەرە بیبە.

( تاوان )
چ تاوانێکی گەورەیە
لە گەرمەی جەنگدا
خۆشەویستی و

لە ئاشتیدا،
مەینۆشینت، لێ یاساغ بکەن.

( شای جوانان )
ئەتۆ، جوان نیت
لەدیدی منەوە نا ..
دڵساردان
لەبەر دڵی ئەمن
ئەتۆ، نەك هەر جوانی
بەڵکو شای جوانانی .. ئەتۆ .

( قەفەی گۆچان )
کە تۆ بارکەی بڕۆی
بەتەنها جێمهێڵی
کەی بەزمانما دێت بڵێم
خواکەی بانی سەر
ئاگادارت بێت
بارکە و برۆ
خوا بکات .. تەنهایی
کۆڵیکی هێندە قورس بێ
پشتت لەژێریا بچەمێ
هەروەکوو، قەفەی گۆچان.

(نزا)
ئەوەندە خۆشحاڵم،
حەز ناکەم .. رۆژبێتەوە
ئەمشەو ..
دەترسێم
شەوێکی وەك ئەم شەو
هەرگیز دووبارە، نەبێتەروە
ئەگەر رۆژگارم
وەکی ئەمشەو نابێت،
نزا دەکەم
کە،هەرگیز ، رۆژ .. نەبێتەوە.

( تی شێرت )
تا چیدیکە
لە کەنار دەریا
هەست بە تەنیایی نەکەم
ئەو تی شێرتە لەبەر دەکەم
وێنەی تۆی لەسەر نەخشاوە
چون..
حەز بە بێ تۆیی ناکەم.

( ئەوپەڕی پەستیی )
ئەمشەو پەستم

هێندەی پەستی مەینۆشێک
کە بەدەستی ئەنقەست
پێکەکەکەیان رژاندبێ،
هێندەی موریدێك شێخەکەیان
کردبێتە گاڵتەجاڕ
نازانم
پێکی پەستییەکەم
بەسەر کێدا بڕژم ، کێ ..؟

( بازنەی عیشق )
هەتا لەبازنەی عیشقدا بم
هەست بە بوونی خۆم دەکەم
لەدەرەوەی ئەو بازنەیە
نە هەست  بەخۆم، نە بە بوون دەکەم.

( تۆ و مانگ )
گەر دەپرسیت
ئەمن جوانم یاوەکو مانگ ؟
درۆ بە زارمدا نایەت
تۆ دەبینم، مانگم لەبیر دەچێتەوە
مانگ دەبینم
ئەتۆم بەبیردێنێتەوە.

( روبار )
ببمە دەریا
جۆگە
لە روبار یاخی دەبێ
روباریش لە من،
مەگەر ئەشکی خۆم
ببتە روبار و تێیبڕژێ.

( پێکەنین )
نەفرەت لە من ..
چەند بەدفەڕم
پێکەنینی خۆم بەپولێك دەفرۆشم
تا لەتەك تۆدا بگریێم.
ئەتۆش .. ئا، ئەتۆش
پێکەنینت بەئەقڵم دێ
هەقی خۆتە .. ئەمن گێلم
کە ئەو سەودایە دەکەم
نەفرەت لە من.

( کەنار دەریا )
ئێجگار ماندووم
پێویستم،
بە پشویەکی درێژە

لە کەنار دەریا نا
لەسەر سینەی تۆ.

( گومان )
گومان لە ئاسایی بونی خۆم دەکەم
چون، خەونەکانم دێنەدی
پێرێ لەخەوما
هەردوو گوێم کەڕ بوو
دوێنێ دەنگم نەبیستی
دوێنێ لەخەوما
بینایی خۆم لەدەست دا
ئەمڕۆ نەمبینیت.

( گڕ )
خۆ من روناکیی نیم
گەر روناکیی بام
چ باکم بوو بمخەیتە ناو گڕ
ئەی نازانی، روناکی
دەستەخوشکی گڕە؟!

( دابڕان )
وا هەست دەکەم
تەلاقم لەخۆم کەوتبێ
خۆم لە کوردستان .. من لە غەریبی
تەڵاقەکە، وا کەوتووە
مەزهەبی عیشقیش،
پێی پینە ناکرێ.

( دەریا )
من لە دەریا
سەرکەش ترم
شەپۆلەکانی .. دەتوانن
یەکتر بخۆنەوە و
لە کەناردا ئارام بگرن
خەمەکانی من،
نە کەنار دەگرن ..
نە مانای هێور بوون دەزانن..

( بۆن )
خۆشترین بۆن
نە بۆنی مێخەکە
نە گوڵەباخ
نە بۆنی بارانی پاش وەشتە
نە زوڵفی یار
خۆشترین بۆن
بۆنی ئارەق و

گۆرەوی و
پێڵاوی دایکە
لە هاوینا.

( قیروسیا )
گەر تۆ نەیەیت
بڵێی رۆژ ئاوابێ؟
بڵێی جۆگە بڕژێتە روبار و
روباریش دەریا؟؟
ئەگەر رۆژ ئاوا نەبوو
جۆگە نەڕژایە روبار و
روباریش دەریا..
دەتۆش مەیە
قیروسیا، چی دەبێت با ببێت
وا ئەوپەڕی
دنیا، ئاخر دەبێ .. چش .

( سەیوان )
( سەیوان ) ە کەی من،
جێی شەهیدێکی تری
تیانابێتەوە
سەیوانەکەی تۆش
پیاوێکی تر .

---

مەبەست لە (سەیوان)ی یەکەم گردی سەیوانە، لە دوەمیش چەتر.

( کفری عیشق )
لەژوانێکدا
چاو، بە ئەفسونی جوانی تێر نەبێ ..
لوت، پڕنەبێ لەبۆنی رەشە رێحانەی پەرچەم
دەم ولێو، بە ماچ .. لە گۆ نەکەوێ
گوێ، بە سرتە و- ورتەی ناز پڕ نەبێ
هەردوو دەست، لەسەر مەمان شل نەبێ
کفری عیشقە .. ئەو دیدارە،
ناوببرێت بە ژوان.

( جانانە)
ئەوی بەمەی مەست نەبێ،
دەبێ حاڵی جانانەبێ
ئەوی جانانەبێ،
دەبێ لە مەیخانە وەدەربێ
لەدێر زەمانە، مەیخانە هەواری مەستانە
مزگەوت و خانەقاش، عەزیزم، لەبۆ جانانە.

( پێك )
خەمی تەنهاییە کە، خەم لە تەنیایی پێك دەخۆم.

یان
خەمی بێ تۆییە، کە مەیلی پێکی تەنها دەکەم ؟

( بولبول )
بولبول هەر دەخوێنێ ..
ئاوازی سەرچڵی
پڕکەری باخێکە
وەلێ ئاوازی تیابەندی ..
پڕاوپڕی جیهانێکە.

( بەدبەختیی )
ئەو ساتانەی
مەی و پەستیی دەمگرێ
لەبەختی کەچم
یەکەمیان زوو بەرم دەیات
دوەمیان درەنگ.

( رق و خۆشەویستیی )
خۆشەویستی ..
کلیلی دەرگای خۆشییەکانە
( رق ) یش .. نەهامەتیی.
مرۆڤ زیاتر  پێویستی
بە خۆشەویستییە
 نەك رق
تۆوی خۆشەویستی
لەسەر دڵێکی رەقتر لەبەرد
شین دەبێ
وەلێ تۆوی رق ..
لەدڵە کرمێکاندا نەبێ نابێ.

( سپڵە )
بێ تۆیی، هێندەی
تینیوێتی شکاندنی
پشیلەیەك لە روبار
جاڕسم* دەکات
وانەزانی .. بی تۆ ناژیم .
جاڕس : وەڕس، بێتاقەت، قاڵس، بێتابووشت

( خەم )
من ناتوانم، بێ خەم
سەربخەمە سەر سەرین
ئەی هاورێیان..
کامتان
خەمی سەرباری هەیە
بینێرێ بۆم
تاوەکو بیکەم بەسەرین.

(بێ گوڵ خۆم )
لەپیادەڕۆی کۆبنهاون
شۆخێك، بەباوەشێك گوڵەوە
خۆی لە گوڵەکان جوانتر
هاوار دەکا:
گوڵەباخ ..گوڵەباخ
وتم:-:
بۆکێی بکڕم..؟
مەگەر هەر بیدەمەوە بەخۆت
وتی:-
گەر هەموشیم لێبکڕی
چڵێکت لێوەرناگرم، ئەمن

( خەزان )
لەناو فەرشی زیوینی گەڵای وەریودا
دان بدە بە کۆتر
بەبێ گمە،
بەئەسپایی دەیانچنێ
بەبێ گمە،
تەنانەت کۆتریش حەز بە خەزان ناکا
ئیتر بۆ دەبێت.. ئەمن؟!

( ماسی )
تۆڕەکەت هەڵدە نێو دەریا
ڕاوچی
کێ دەڵێت
ئەو ماسییەی راوی دەکەیت
بەنرختر نییە لە بەهای خۆت؟؟

( دەریاوان )
تانەم لێدەدەن، کە بۆ هێندە
خەمی دەریا دەخۆم
دەبێ بێژیی بم
خەمی دایکم،
لەخۆم زیاتر نەخۆم.

( ڕاستییەك )
من دەڵێم.. تۆم خۆشناوێ
ئەتۆ دەڵێی .. منیش،
وەلێ لەڕاستیدا،
گەواهی دەدەن چاوانمان،
درۆ دەکەین .. .کە، هەردووکمان

( خەون )
مرۆڤی تەنیا کەمتر خەون دەبینێ

خەونەکانیشی زیاتر زیندەخەون
هەرکات
سەرەتای خەوبینیم، لەبیرما
دڵنیابە،
ئەوسا.. ئەمن
کەسێکی ترم، خۆشدەوێ.

( هەواری خاڵیی )
کەم دڵم بشکێنە وبڵێ نا..
ڕۆژێك دادێت
بێیتە سەرهەواری خاڵی
ئەوجا..
پەنجەی پەشیمانی دەگەزی و
دەڵێی:-
خۆزگە هێندە نەموتایە،نا
ئەوساش
پەشیمانیی، دادت نادات، نا.

( ئێستا )
کە، من دەمەوێ
لە ئیستادا بژیم
ڕابردووم بەبیر مەهێنەوە
داهاتووش هەرچی دەبی بابێ،
کەپیی گەیشتم،
دەبیت بە ئێستا..

( بەخشندە )
بەندەیەك لەبری ئەوەی بەرد بگرێتە شەیتان
گرتییە کابەو
بەتەمایە خوا بیبەخشێت
چون دەزانێت
خودا بەخشندەیە،
ژن هەیە گوڵیشی تێبگریت
بەخشندەیی خۆی نانوێنێ ،نا.

( کڕنوش بردن )
ئەگەر بەنیازی
کڕنووش بردن بم، بۆ مرۆڤ
تەنها و تەنها..
کڕنوش بۆ خودی خۆم دەبەم..

( دڕك )
هەر کەس وێرای
بە گوڵ بڵێت ناشرینە
چاك بزانە
بە دڕکی گوڵیش نابێ.

( خۆڕاگر )
سنەوبەرێك و هەنجیرێ
بوو بەشەڕیان
هەنجیرەکە
تاتوانای بوو
پرچی سنەوبەری داڕنی
سنەوبەرەکە وتی
ئەمن لێتدەگەڕێم
بۆ پایز.

( ساویلکە)
سەد هێندەی دڵم شکاوە
دڵنەوایی خەڵکم کردوە و
دڵم ڕاگرتوون
چش

( نازانم )
نیوەی ئەو تەمەنەی ماوەمە
دەیبەخشم بەکەسێك
زەردەخەنە بگەڕێنێتەوە
سەر لێوانم..
ساتە ناساتێ. پێکەنینم دێت،
وەلێ نازانم
بەخۆم پێدەکەنم
یا بەژیانی موسەیەرم.

( تاریکیی )
شەمشەمەکوێرە
چەند حەزی بە ڕوناکییە
مرۆڤی تەنیاش، هێندە بەتاریکیی.

( جگەرە و کۆتر )
خۆشییەکی سەیر دامدەگرێت
کەلەپەنجەرەی هۆڵەکەمەوە
دان دەدەم بەباڵندەو
مژی قوڵ لەجگەرەکەم دەدەم،
گەر بۆمبکرایە.. لەگەڵ چنینی
هەر دەنکە دانێکدا..
مژێکم لەجگەرەکەم دەدا.

( چێژفرۆش )
چێژفرۆشان
بەتایم کار دەکەن
کاتێ کە کاتیان تەواو دەبێ
لە سیاسییە گەندەڵەکان

زیاتر،
چێژ لە ژیان دەبینن.

( قاسپەی کەو )
بەقیڕەی قەلەڕەش
پەست دەبم،
وەلێ
ئەو دەمانەی تەنهام
لێمدەبێتە قاسپەی کەو.

( ژمارە سێ )
جوانترین ژمارە( سێ) یە
دایك
خوشك
خۆشەویست..
هەش بەسەرم،
لەهەرسێکی بێبەشم.

( ئاوێنە)
لەداخی دزیوەکان دەشکیم
دزێویی لەشولار نا..
ناخ.

(ئەنفالکراوێك)
چەند هەنگاوێك
بەرلەدۆزەخ
ڕێگای بەهەشتی نیشاندام.

(سەنگ)
بەخشندەیی نییە
کە،ئاو..
داری لەسەر سەر ڕاگرتووە
ئەگەر ڕاست دەکات،
دەبا من بم.

(بەرد)
کە، دلْڕەقیی مرۆڤ دەبینت
دەبێت بە ئاوریشم.

( پیاوێکی ڕاستگۆ )
منداڵ خۆشەویستە
ژنی چاك ..
زیاتر.

(عاشقێک)
گوڵەباخ .. هەر گوڵەباخە

دڕكيشى بجێت بەدەستما،
نابێتە ژاڵە.

(جەنگاوەرێك)
مرۆڤى ئازا، حەزدەكات
لاسايى بكرێتەوە
نەوەك..
پەيكەرى بۆ بكرێت،

(دەروونناسێك)
ژن بەبێ خۆشەويستيى
ناتوانێت بژى،
بەڵام پياو..
با.

( شێتێك)
ئەقڵى خۆى داوەتە دەست دڵ..
پياو،
بۆيە لەمەيدانى عيشقدا،
زياتريان لێ شێت دەبێ

( گوڵەگەنم )
هەزار گوڵەباخ
دەكەم بەقوربانى گوڵەگەنمێ
كە، برسى بم..
چى لەبۆنى خۆشى گوڵ كەم؟!

( موچەخۆرێك )
ئەوەندە چاوەڕوانى موچەم كرد
لە چاوەڕوانيى بێزاربوم
ژووانم لەتەك ياردا هەبێ
دێر دەچم
تا ئەو ببێ چاوەڕوانم.

( نان )
كێ تەوێلى برسيكەران
لەوڵاتێكدا،
بەتف سواغ نادا..
مرۆڤەكانى پڕبەگەرو هاواردەكەن
بيرت دەكەين ئەى نان
هەتا ماوە .. با برسى بێت.

( كۆتر و مرۆڤ )
دوێنێ دانم نەدا بە بەكۆترەكان
هاتن و چون .. نەيانگماند
كەچى ئەمڕۆ دەگمێنن ..

بڵێی کۆتریش،
خوی مرۆڤی نەگرتبێ ؟!

( سات )
کزە لە جەرگمەوە دێ
کە، خواردن لەسەر مێزەکەتان دەمێنێ،
چاوم ئاوی تێدەزێ ..
کە، لێوانەکەتان نیوەی دەمێنێ
کە، برسی نیت
قولاپەکەت
مەهاوێژە دەریاچەیەك
بۆ راوکردنی ماسییەك.
کە، تینو نیت
مشتێك ئاوی ئەو کانییە
جێبهێڵە .. بۆ برسییەك
هێندە نابێت ..
ماسییەکی .. راوکردووە.

( دار )
دەوەن دەڵێت بە دار :-
نەویکردنی سەری بەرزت
لە بەرزیتە، لەودەمەدا
دەست بە سەری ( من) دا دێنیت.

( خەڵك )
وڵات هەیە، بچوکە
خەڵکەکەی دڵیان گەورەیە
پیف ..
لەو ولاتەی،کە، گەورەیە،
خەڵکەکەی مانای لێبوردن نازانن
چبکەم، ئەمن
ئاشقی خەڵکم.. نەك وڵات.

( خۆکوژیی )
ئەو زمانە بەبڕینچێ
بە دەستی راست دەڵێ
دەستی چەپ .. بشکێنە
یا
بە دەستی چەپ دەڵێ
دەستی راست .. بشکێنە.

( کامیان ..؟ )
درۆ مووروی کون نەکراوە
گەمژە، دەیهۆنێتەوە ..
دەیکات بە تەسبیح و ملوانکە
دەبێت کامیان خراپتر بن

گەمژەکان .. یا..
درۆزنەکان؟؟

( دایکی پێشمەرگەیەك )
لە میحوەری کەرکوك
لەبەرەی پێشەوەی جەنگ
ژنێك هەرچاوی دەگێرا
( پ م ) ێك وتی :
دایکم، چاو بۆ کێ دەگێڕی؟؟
دایە لەدەورت گەڕێ ..
بۆ وەزیری پێشمەرگە
ببورە .. دایکم
ئێرە، وەزارەت نییە.

( تامیسك )
سەرکردەیەك لە باخەکەی
باسی تامیسکی لالێوی کرد:-
لە خەونمدا، بووبومەوە بە پێشمەرگە !!
دایکم ..
جوتێکك، پاتەی لاستیکی بۆ هێنابوم.

( موزمەعیل بن )
لەبەرەی شەڕی داعشەوە ..
لاشەیەکی پێچراوەیان،
بە ئاڵای کوردستان
بۆ کوێرە دێیەك، بردەوە.
چی ژنگەلی ئاوایی بوو
کراسەکەی هەڵدەکرد و
بە هەڵەداوان ..
ملی بەرەو مزگەوت دەنا.
کوێرەژنێك
کە :
دەستی بە دەموچاویدا هێنا
هاواری کرد :-
موزمەعیل بن .. خۆ ئەمە،
جەرگی جەرگەکەی منە .

(ئەژنۆ)
لەکن، زۆربەی ئاینەکان
ژمارە حەوت
ژمارەیەکی پیرۆزە
ساتێك ..
بەکوردی دەنوسرێ
هێمای سەرکەوتنی مرۆڤە
وەلێ ئەمن،
قینمە

قینمه له ژماره حەوت
چون .. له ئەژنۆی،
قاچی دەستکردا، دەیبینم.

( پاکەت فرۆش )
هێی ژیکەڵه مەڕۆ، مەڕۆ،
واوەمەڕۆ ..
چیدی له چایخاناندا هاوار مەکه
پاکەت .. پاکەت
ئەو سندوقەی ملت دانێ
تۆ، هەر شایستەی ئەم سازەی
ئەی ژیکەڵه.

( قۆچ )
کامیان شاخی قۆچ وەشانی هەبێ
بزن، یاخود کەڵەکێوی
بەشاخی خۆیدا دەنازێ
ئەوی شاخی نەبوو
دەبێ لەژێر شاخداردا بتاسێ
ئنجا.. شاخی بزن بێ یا ..

( لەخۆبایی )
تاشەبەردی کەنار دەریا
با، گابەردیش بێ
رۆژێك هەر دێ
وردەشەپۆلیش بێ .. بیکا به لم.

( خۆزگه )
خۆزگه چەند قەڵەم، هەیه
لەم هەرێمه ..
دوو ئەوەندەش لاستیك
بۆ کوژاندنەوەی، وتەی ..
وتەبێژی حیزبەکان.

( داماو )
داماوه ئەوی چابووکه
له هەڵخەڵەتاندنی خۆو
درۆکردن لەگەڵ خۆدا
لێزانه
لەهەڵبژاردنی .. دەمامکدا.

( خۆشەویستی )
کەم نین ئەوانەی
زیاتر لەتۆ خۆشمدەوێن
خۆشەویستم
بۆ نمونه :-

پێشمەرگە .. گەریلا
شەڕڤان،

( قەدەر )
تا کورد بمێنێ ماسی دەریای ئیجە ..
زەریا، بێ خواردن نابێ
ڕۆخ و کەناریان
بێ لاشەی ساردوسڕ نابێ
ناشێت ئەمەش ناوببرێت بە قەدەر.

( دۆست و دوژمن )
بەچەکی مرۆڤی گێل دۆست .. دەکوژرێت
بە وشیاریش، دوژمن .
چەندە دوژمن کارابێ بۆ خوێنمژین
سەد ئەوەندە کورد ..
بۆ، خۆبەخشین.

( نابەرپرس )
بەشاخی کەڵەکێویی
مەی دەنۆشێ
خۆی .. ئا خۆی
شاخی بزنێکیش ناهێنێ!!

( من و دوژمن )
هەردوکمان حەزمان لەژاڵەیە
ئەو، لەبەر تفتیی و تاڵییەکەی
من، لەبەرجوانی گوڵەکەی.

( کەوی بەرزەفڕ )
لەلای ڕاوچی،
کەوی بەرزەفڕ، بێ بەهایە
کەوی کەوکێش*..
بازاڕی لەبرەودایە.

* بەو نێرەکەوە دەوترێت کە ڕاوچی لە قەفەزێکدا دایدەنێت بە قاسپەقاسپەکەی کەو ڕادەکێشێت بۆ لای خۆی تا ڕاوچییەکە ڕاوی بکات.

( گاسوور )*
کە، زەوی ڕەقەنت
لەزەوی نەرمی خۆم باشتر بۆ دەکێڵم
واتێنەگەی کە، گاسوورم.

* گاسوور: لەکوردەواریدا بەو گایە دەوترێت لەزەوی خەڵکی دیکەدا جووت دەکات، بەڵام لەزەوی خاوەنەکەی خۆیدا جووت ناکات.

( بەهەشت )
هەرکەسێك خوا خۆشیبوێ
دەیخاتە بەهەشت
گەر دەتەوێ خوا خۆشیبوێی
خۆت برسی بکە و
برسییەك تێر.

( جینۆساید )
بڵێی کورد .. وەکو ئەبرەهە
فیلکێشی کردبێت،
بۆ ڕوخاندنی کەعبە..
وا بەناوی ئیسلامەوە
جینۆساید دەکرێ و
مسوڵمانی هەموو دنیا..
لێیبێدەنگن؟!

( تاڵیی و شیرینیی )
بۆ هەر قومە قاوەیەك و
جگەرەیەك
ماچێکم بەرێ..
ئەوجا پێتدەڵێم
هەردوکیان چەند شیرینن
لەگەڵ ماچ.

( پێڵاو )
خوێندکارێك بەپێخاوسیی
ساڵی خوێندنی بەڕێکرد،
بەر لەوەرگرتنی نمرەکەی
چی پارەی دەخیلەکەی بوو
دای بەجوتێك پێڵاو..
بۆ مامۆستاکەی.

( ڕاستییەکی تاڵ )
داپیرەیەك
دوای پێنج شوو
لەسەرەمەرگا
ڕاستییەکی تاڵی درکاند
تاکە پیاو خۆشیویتبم
باوکم بوو.. چون
تەنها ئەو ئازاری نەدام.

( یادەوەرییەکی منداڵی )

لەمنداڵیمەوە
گوێم بەوە دەزرنگێتەوە
دادوەر، داد دەسەپێنێ
گوێ بە پول و پارە نادا..
کەچی ئەمرۆ
سزای دادوەرێکیان دا،
بەتێوەگلان لەگەندەڵیی.

( قومارچی )
قومارچییەك وتی
بەخت یاوەرم نییە لە قومارا
هاوڕێیەکی وتی:-
ئەی.. خۆشەویستیی
ئەویش وتی:-
هەر لێیگەڕێ.

( گوڵی ڕەزاگران )
گوڵم ئەو کاتە پێ جوان نییە
کە،لەسەر،
گوڵکۆی ئازیزێك دەیبینم.

( قێزەون )
خەڵك بخەڵەتێنی
پێی ناشیرین دەبی
خۆت..
قێزەون.

( گەشتیارێك )
لەژێر نەرمەبارانداا
پەرداخێك شەراب و
بوتڵێك بیرە،
ژن میهرەبانتر و
پیاو دڵخۆشتر دەکات.

( حەماڵێك )
کۆڵی پشتت،
چەند قورس بێت
هێندەی بیرۆکەیەکی
ئاڵۆزی هزرت..
ماندووت ناکا.

( ئاشقێك )
هەموو..
یەك خۆشەویست شك دەبەین
هەیە،
خۆشەویستەکەی.. خۆشەویستێتی

هەیە.. دایکێتی
هەیە.. نیشتمان.

( ڕۆژژمێرێك )
شەو- و ڕۆژ
هەر بیستوچوار سەعاتە
جا..
خۆشبێت یا ناخۆش.

( جیزدانێك )
نە بەپری بمهێڵەرەوە
نە بەبەتاڵیی.

( زوڕناژەنێك )
کە، زوڕنا دەژەنم
هەموو ئەوانەی، لەسەری هەڵدەپەڕن
لەلام جوانن.

( بەزەیی )
دەمەوێت
شوێنێك بدۆزمەوە
تیایدا بگریم،
ئەمن بەڕق ئاشنا نیم
وەلێ
ڕقی ئەستورم
لەو کەسانەیە
کەدەگرێم،
دەبمە جێگەی، بەزەییان

( گۆرانی عیشق )
چیدی
گۆرانی بۆ ئەم هەوارە ناڵێم،
ئەم هەوارە
نیوەی کەڕو لاڵە
نیوەکەی دی
حەز بەبیستنی گۆرانی ناکا.